Referendum Movement in Kurdistan

بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان – دەرەوەی وولات

## ڕاپۆرتی بیکەر _ هاملتۆن دژ بە دەستکەوتەکانی گەلی کوردستانە کەبەخوێنی ڕۆڵەکانی هێناویەتی دی

جەماوەری گەلی کوردستان

**وەك ئاشکرایە وا زیاتر لە 15 ساڵە ولە ئەنجامی**هەڵبژاردنێکی ئازادا گەلی باشوری کوردستان لە بەشێکی خاکی خۆیدا پەرلەمان و حکومەتی خۆی پێکهێنا و لە دەسەڵاتی ناوەندی بە زۆر سەپاوی زیاتر لە هەشتا ساڵە ئازادی بووە، لە کاتێکدا چاوەڕوان **دەکرێت** کەرکوك و ناوچەکانی تر بە پێی مادەی 140 بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان لە کۆتایی ساڵی 2007دا، ئا لەم کاتەدا ڕاپۆرتی بیکەر-هامڵتۆن دەیەوێت ئازادی هەرێمی کوردستان قەوارە بدات و خەونەکانی لە باربەرێت .

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان

هەرچەندە کۆمەڵێك کەموکوری ئێوەی ماندوکردوە، لە کارەباو ئاو و سوتەمەنی و **بەرێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە** ، **بەلام** بە گژاچونەوەی ڕاپۆڕتی بیکەر-هامڵتۆن ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی **مێژووییە** ، دەبێت **لە ناوەوە و دەرەوەی وولات سازوئامادەبین** بۆ **هەمو دەربرینێکی ئاشتیانە و هەمو ڕێگایەکی شارستانەبگرینە بەر** بۆ **ڕەتدانەوەو** پوچەڵکردنەوەی ئەو خاڵانەی پێشیلی ئازادی و دەسکەوتەکانی گەلی باشوری کوردستان ئەکات **ودەبێت لەم قۆناغەدا تێکۆشین بۆ** :

1 . **پاراستنی ئازادی وسەروەری بەدەسهاتوی هەنووکەی کوردستان** .

2 – **جێبەجێکردنی مادەی** 140 **لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا** .

3 – **بەکارهێنانی سامانە سروشتییەکانی کوردستان لەلایەن خودی ئیدارەی گەلی کوردستانەوە** .

4 – ڕێنەدان **بەدەستێوەردانی وولاتانی دراوسێ لە کاروباری باشوری** کوردستان .

هەر لێرەشدا بزووتنەوەی ڕیفراندۆم ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە کە تەنها چارەسەری ڕەوا و دادپەروەرانە بۆ کێشەی گەلی کوردستان لە ڕێگای ئەنجامدانی ڕاپرسییەك دێتە دی تیایدا گەلی کوردستان دەنگی خۆی بدات لەسەر چارەنووسی خۆی ، ئەوەش دووپات دەکەینەوە کەهەمیشە بەردەوامین لەسەر ئەو تێکۆشانە شارستانییە ڕەوایە بۆ هاتنەدی ئامانجی بەرزمان لە بەدەستهێنانی بڕیارێکی نێودەوڵەتی بۆ دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستان .

دەست لەناو دەست بۆ پووچەڵکردنەوەی ڕاپۆرتەکەی بیکەر _ هاملتۆنی دژ بە گەلی کوردستان و دەستکەوتەکانی .

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان .

**بزوتنەوەی ڕیفڕاندۆمی کوردستان – دەرەوەی وڵات**
**2006 - 12 – 12**